# لە پێنتاگۆنەوە بۆ خێڵی حەمە

حەمەسەعید حەسەن

یەکێتی کە نیازی شەڕی لایەنێکی هەبێ:

- زەمینەی فیکریی بۆ خۆش دەکا.
- سوود لە توانای ئەو دۆستانەی کە لە ناوچەی شەڕەکەدا دەژین، وەردەگرێ.
- تا هێزەکانی کۆدەکاتەوە و لە گۆڕەپانی شەڕەکەیان نزیك دەخاتەوە، هەر باسی چارەسەری ئاشتییانە دەکات و مەلا، شێخ و ڕیشسپی بۆ فریودانی نەیار دەکاتە ناوبژیوان.
- لە ناکاو دەست دەوەشێنێ.

٢٣ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ یەکەم جار بوو لایەنێك نیازی ینك بخوێنێتەوە و دەستپێشکەری لە دەستکردنەوەدا بکات. هەڵۆکانی قەندیل، بازەکانی گەرمیان و دیلکوژەکانی پشتئاشان، بە دیلکراوی کۆتر ئاسا دەپارێنەوە، لـێ سەربازانی دڵڕەقی بە هەق ئیسلامی، گوێ بۆ کوڕووزانەوە شل ناکەن، دەیانکوژن و تەرمەکانیشیان هەتك دەکەن، هەر وەك چۆن چەکدارانی ینك سەرەتای ئایاری ١٩٨٣ دیلە شیوعییەکانیان لە پشتئاشان کوشت و بۆ ئەڵقەی زێڕ، پەنجەی ژنیان بڕییەوە، یان کە سەلاحی موهەندیس لە شەڕی (لەشکری ئیسلامی کورد) دا گیانی لە دەست دا، ینك چی دیلی ئەو لایەنەی لە کن بوو، هەر لە زینداندا، قەلاچۆی کردن. کە عەولا سوور لای ینك دیل دەبێ، نەوشیروان مستەفا پێی دەڵـێ: (سەرسەری، ئەگەر هەر لای ینك بای، وات بەسەر نەدەهات.) ، عەولا سووریش دەڵـێ: (من لادێیم، نازانم سەرسەری چییە.) ، نەوشیروانی شاری لەسەر ئەو قسەیە دەیکوژێ.

جاران پێمیی ینك گاڵتەیان بە مردن دەهات و بە پێکەنینەوە بەرەو ڕووی دەچوون، هەنووکە لە جەلـلاد دەپارێنەوە! ئەمریکا ئەگەر زیندەوەریش لە ئەفگانستاندا نەهێڵـێ، هێشتا تۆڵەی ئابڕووی لە WTC و باڵـەخانەی پێنتاگۆن تکاویدا ناکاتەوە. ینك ئەگەر یەك سەربازی ئیسلامیش لە هەوراماندا نەهێڵـێ، هێشتا تۆڵـەی ئابڕووی لە خێڵـی حەمەدا تکاوی ناکاتەوە.

چل پەنجا پێمیم چۆن وا بە ئاسانی دەستگیر کران؟ خەڵکانێ ئامادەن لە پێناوی ینکدا گیانیان بەخت بکەن، کەچی ینك ئامادە نییە، بەسەرهاتی ڕاستەقینەی لەناوچوونیان بۆ کەسوکاریان بگێڕێتەوە! قەوانی: ئەو پێمیمانە نیازی شەڕیان نەبووە و هێشتا ینك لە هەوڵـی بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکەدا بووە، مەگەر بە گوێی گێلدا بچێ، یەکێتی کە نیازی درکاندنی ڕاستییەکانی نییە، با چیرۆکێکی دیکە هەڵبەستێ.

ئیسلامییەکانی لوبنان، خوارووی وڵاتەکەیان لە داگیرکەران خاوێن دەکەنەوە، ئیسلامییە کوردەکان خوازیارن کوردستانێکی لە داگیرکەرێك پاکژ کراوە، بخەنەوە ژێر پێی داگیرکەرێکی دیکەوە. ئیسلامییە عەرەبەکان پەلاماری پێنتاگۆن دەدەن، ئیسلامییە کوردەکان پەلاماری ئارایشتگەی ژنان دەدەن. ئیسلامیی عەرەب لە ڕۆژێکدا دوو باڵوێزخانەی ئەمریکا دەتەقێنێتەوە، ئیسلامیی کورد لە ڕۆژێکدا ناوی کوردی لە دوو زارۆك دەسێنێتەوە.

ئیسلامییە عەرەبەکان زلـهێزترین وڵاتی دنیا دەتۆقێنن، ئیسلامییە کوردەکان منداڵانی گوندی خێڵـی حەمە دەترسێنن.

ئەگەرچی بەعس کوردی ژارباران و ئەنفال کرد، کەچی لە نێوان بەعس و ئیسلامیدا هێشتا نازانم کامیان دوژمنێکی دلۆڤانترە. لەو (زوون) ەدا کە دەبوو (ئارام) بێ، لەشکری بەعسییان دێ و هەولێر دەشێوێنێ، لەشکری ئێران دێ و کۆیە دەشلەژێنێ، لەشکری تورکان دێ و بتوێن دەشەمزێنێ، لەشکری تالیبان دێ و شارەزوور لە خوێندا دەگەوزێنێ. بە ڕاست ئەمریکا و دۆستانی، کورد لە هێرشی کام هێز دەپارێزن؟

٢٠٠١-١٠-٠١

Kurdistan Nêt